www.kurdistannet.org
2-7-2006 1:52بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کاک فەلەکەدین کاکەیی ئەم کارە خراپەی چۆن کرد؟ ... عەلی مەحمود محەمەد



بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی تاکو ئەمڕۆژانەش یەکێک بوو لەو سیاسییە دگمەنانەی لە سەرکردایەتیدا کەمترین ڕەخنە و گازندەی لەسەر بوو، ناوی نەکەوتبووە ناو ناوانەوە، شەو چرەی شەوانی پێ ناکرایەوە، لەم گەڕەک بۆ ئەو گەڕەک، لەم شار بۆ ئەو شار هەواڵی شەڕەنگێزی و گەندەڵی و دڵداری نا گواسترایەوە، تەنانەت ئەوانەی نەیاری سیاسی پارتەکەشی بوون، کاک فەلەکەدینیان لە دەرەوەی بازنەی کێشمەکێشەکە ڕیز دەکرد، دەتوانم بڵێم جگە لە نەیارانی ئایدۆلۆژی و سیاسی خاوەندی نەیاری شەخسی نەبووە.

لەم خولەدا کە وزارەتی ڕۆشنبیری وەرگرت، زۆربە پێیان خۆش بوو، پێشبینی دەکرا، ئەم وزارەتە کە دەمسپی حکومەتیشە، بکات بە پەنجەرەیەک بۆ یەکخستنەوەی ماڵی کوردی، مەزەندە دەکرا ستافێکی ئازادیخواز، ناحزبی، لێهاتوو بۆ وزارەتەکەی دابنێ، ئەوەی بۆنی بەعس و شەڕی گەرم و ساردی ناوخۆیی و گەندەڵی و دەم و پاشەڵ پیسی لێدەکرا لاببات، بەڵام مخابن ئەوەی ئەمڕۆ لە سایتی پیوک میدیا خوێندمەوە، تەواو پێچەوانەی بیرکردنەوەو پێشبینی من و هەموو ئەوانە بوو بەو شێوەیە بیریان دەکردەوە، وای لێمان کرد بگەین بەو قەناعەتەی بڵێم: هەموو بەرپرسانی کورد سەرتاپا جەواڵ درن.

گۆڤاری هەرێم ئۆرگانی فەرمی حکوومەتی هەرێمی یەکگرتووی هەموو گەلی کورد و خاکی کوردستانە، پارێزەی سەروەری و کولتورەکەیەتی، واتا ئەو وتە و قسانەی لەم گۆڤارەوە دەردەچێت زمانحاڵی ئەو حکوومەتەیە کە 182000 ئەنفال و 8000 بارزانی و 5000 هەڵەبجەیی خوێنیان بۆ ڕشت، دەیان هەزار پێشمەرگە گیانیان لە پێناو بەختکرد، لە پێناویدا هەموو کوردستان لەگەڵ زەویدا تەختکرا، سەدان هەزار چالاکی بۆ ئەنجامدرا، بە ملیۆنان مرۆڤ هاوبەشیان تێیدا کرد، کەچی ئێستاکە لەم هەموو قوربانی و بەشدارکەر و قارەمان و پارتە سیاسییە، کەسێکی تێدا نییە شیاوای ئەو پۆستە بێت تەنها کاک شێرزاد عەبدولڕەحمان نەبێت.

هێشتا مەرەکەبی نامە دڵداریەکەی شێرزاد عەبدالڕەحمان بۆ سەرۆکی فەرماندە سەدام حسێن خوا تەخت و تاراجی وەرگەڕێنێت، لە ڕۆژنامەی هەواڵ وشک نەبۆتەوە، لێرە لە کوردستانی ئازاد تەرفیعی پێکرا، شانسی کورد لەوەدایە، لەگەڵ دۆزینەوەی فایلدا تەرفیعات دەست پێ دەکات. لە بەغدا وەفیقمان هەیە، لە کوردستانیش ڕەفیق شێرزاد و سەدانی وەک ئەو.
پارتی و یەنک بۆ خۆیان ئازادن بەعسیی بکەن بە سەرنووسەری ئۆرگانەکانیان، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ئازاد نیین بەعسییەک بکەن بە زمانحاڵی حکوومەتی کوردستان، لە حالەتی یەکەمدا تەنها سوکایەتییە بە پارتەکە، ئەگەر خۆیان قەبوڵی بکەن، ئێمەش تەنها کارمان چەپڵە لێدانەکەیە، بەڵام لە حالەتی دووەمدا سوکایەتییە بە نەتەوەیەک، هەرچەندە خوا پێمنەگرێت بە گوێرەی وتەی خەڵکی، حکوومەتە نوێکەشمان تژییە لە بەعسی.
هەفتەی پێشوو لە ڕۆژنامەی میدیای ژمارە 246ی بەرواری 27-6 دا، وتەیەکی بەنرخی ڕێزدار ڕەفیق موسا شەلم خوێندەوە " ئێمە لە مەخمور 75 گەواد بووین ". باشترین بەڵگەش بۆ گەواد بوونی جاش و بەعسییەکان ئەم چاوپێکەوتنەی خوارەوەیە، لەگەڵ ژنە ئەنفالکراوێک.
http://kurdistannet. biz/2006/6-2006/28-6/zamekani. pdf
باشە گەوادی لەمە بەولاتر یانی چی؟ ئەم هەموو کچ و ئافرەتانە هەر جاش و بەعسییەکان ئەنفالیانیان نەکرد؟، بەو حاڵەیان گەیاندن وەک لەو چاوپێکەوتنەدا دەیخوێننەوە.

**کاک فەلەکەدین با بۆخۆی حاکم بێت و حوکم لەسەر دانانی زمانحاڵ و سەرنووسەر و هەموو ستافی وزارەتخانەکەی بدات؟، ماشەڵا لە کوردستان حیزب دەبارێت، نازانم ئەمانە بۆ وا عاشقی کۆنە بەعسییەکانن؟، وەسیەتم ئەوەیە وتە بەنرخەکەی موسا شەل بەهەند وەربگرێت، ئەگەر دەیەوێت وزارەتخانەکەی ڕێزدار بێت؟.**

ژمارە (٢٤٦) ساڵی یازدەهەم
سێ شەممە ٢٧ / ٦ / ٢٠٠٦
میدیا No. (246) 11th Year
Tue 27 / June / 2006

موسا شەل- رەفیق حزبی و ئامر مەفرەزەی ئیستخبارات:

# ئێمە لە مەخموور حەفتاو پێنج گەواد بووین، ئەگەر گەواد نەبووینایە نەدەبووینە رەفیق حزبی و باوەڕپێکراوی بەعس



موسا عەل رەمەزان ناسراو بە (موسا شەل)، ئامر مەفرەزەی ئیستخبارات و ئەمن بووە لەسەردەمی بەعس، موستەشاری فەوجی (٣١٤) و دواتریش بوو بەئامر مەفرەزەی شوعبەی مەخمووری حیزبی بەعس و سەرپەرشتی هەموو ناوچەکانی گەندێناوەو شەمامك و مەخموور و قەراجی دەکرد. لەهەمان کات رەفیق حزبی و هەڵگری نیکەیسی بوو تاوەکو رووخانی رژێمی سەددام لە ٢٠٠٣، موسا لەنێو خەڵکدا بەکەسێکی زۆردارو خاوەن دەسەڵات و دڵسۆزی رژێمی بەعس لەدەڤەرەکە دەناسرا. لەبارەی رابردووی خۆی ئەو هەڤپەیڤینەمان لەگەڵ سازکرد:

## هەڤپەیڤین: بەرزو پالآنی

* سەرەتا چۆن بووی بەبەعس و پلەت بوو لەناو بەعس؟

– لەساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ عەولاسوری بوە خاڵو و من کەسی تیکە لەسەری ئیتیمەرمو بوویتە بەعسی و سەرەتا ئامر مەفرەزەی ئیستخبارات و ئەمن و دواتریش فەوجی (٣١٤) م بۆ دەرچوو تاڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ بەردەوام بوم.

* کەواتە بەر لەو کاتە تۆ پێشمەرگە بووی؟

– من پێشمەرگەی ئەیلوول بووم، لە ...

جاسوس بوون ئێمە. هەموودان لە من خراتریان کردووە، هەندێ هەیە ئێستاکە ئەندام مەڵبەندو ئەندام ناوچەیە کەچی ئەڵقەکەی ئەو زۆر لەئەڵقەکەی من ترقۆتر بوو، زۆر لەمن خراپتر بووە بەرامبەر بەخەڵکی ناوچەکە، بەڵام من ئەوان داپۆشراوە وەك مەرو منیش لەو گۆڕەپانە دەڵێن تاوانبارم بوویتە، ئەوڕۆ ئەوەی لێی دەپرسی دەڵێ ١٤ ساڵ تاوانبارم بوویمە دڵنیام بیبێنە ئەو چیایەی قەرەچووغ لەو شەقی لێدەن بە خەیاتی بابی خۆی نازانی تاوانبارەت بووە.

تر خاڵوورەکان لێ دادگەیەکرا ئەگەر من ئەویم، پێم دەڵێن تۆ کۆسرەتیی من لەکۆسرەتی و لەپارتیمە ئەگەر ئەوەندە ئەبێ کە کاک کۆسرەت ملی هێنابەوە مەخموور ... هیچ پارەی پێنەداوە.

* ئەو کەسانەی کە پێشتر داوەستی ڕژێم بوونە دەتوانن خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەتان بکەن؟

– هیچ کاتێك رەفیق حزبی و باوەڕپێکراوانی ئەمن و ئیستخبارات ناتوانن خزمەتی ئەشەرەکەیان بکەن، ئەوە بەدڵسۆزی بۆ کوردستان کار بکەن ...

http://pukmedia. com/kurdinews/1-7/news7. html
http://www. hewal. org/pages/he/186-9. pdf